**آقای فروهر چندین بار به کردستان رفته بود. بار آخر از طرف امام رفته‌بود و هیچ روحانی ای همراه او نبود. امام خمینی به فروهر خیلی علاقه داشت، چون آقا مصطفی، مدتی با فروهر هم سلول بوده و خیلی از فروهر پیش آقا تعریف کرده بود.... فروهر خیلی شجاع و جسور بود. آقای خمینی هم از این تیپ ها خوشش می آمد..... از آنجا که آقای خمینی به فروهر علاقه داشت، شخصا گفت برو کردستان. وقتی اعلام شد که هیئت ویژه می خواهد به کردستان برود، فروهر در آنجا مصاحبه‌ای کرد و گفت: "هیچ هیئتی بدون حضور من نمی تواند با کردها صحبت کند. من متخصص کردستانم". این بود که دولت و شورای انقلاب او را پذیرفتند.... (چشم انداز ایران، فروردین ١٣٨٢، صفحه ٦٤ و ٦٥).**

کوردییه‌که‌ی:

«ئیمام خومه‌ینی، ڕێزدار فرووهه‌ری وه‌ک نوێنه‌ری تایبه‌تی خۆی نارد بۆ کوردستان. به‌ڕێز خومه‌ینی، سه‌ربه‌خۆ و جیا له "شورای شۆڕش" کاریده‌کرد. دواتر فروهه‌ر به ئێمه‌ی گوت: "پێیڕاسپێردرابوو، تا عیزه‌دین حسێنی ڕازی بکا و بیهێنێ بۆ "قوم" تا له‌گه‌ڵ ئیمام دا گوتوێژ بکات و، به‌وجۆره ئاژاوه‌که له کوردستان دوور بخرێته‌وه ... به‌وه‌ش بکه‌وێته ژێرچاودێرییه‌وه و، له‌گه‌ماڕۆدا بێت. ڕه‌نگه ئه‌وه له‌ڕووی تکنیکییه‌وه کارێکی به‌جێ بوو، چۆنکه ئه‌گه‌ر ئاژاوه‌که دووربخرێته‌وه، بارودۆخه‌که خۆبه‌خۆ ئاسایی ده‌بێته‌وه. به‌ڕێز فرووهه‌ر پێشتر چه‌ندین جار سه‌ردانی کوردستانی کردبوو، دواجار له‌سه‌ر فه‌رمانی ئیمام ، به‌ته‌نێ چوو، هیچ زانایه‌کی ئاینی له‌گه‌ڵ نه‌بوو. ئیمام خومه‌ینی، زۆر فرووهه‌ری خۆشده‌ویست، چۆنکه ڕێزدار مسته‌فا (مه‌به‌ست کوڕه‌گه‌وره‌که‌ی خومه‌ینی یه - ن)، له‌زیندانی شا، ماوه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ فرووهه‌ر له ژوورێک به‌ندکرابوون، مسته‌فا له‌لای باوکی، زۆر به چاکه باسی فرووهه‌ری کردبوو. فرووهه‌ر مرۆڤێکی نه‌ترس و ئازا بوو. به‌ڕێز خومه‌ینیش که‌سی له‌م جۆره‌ی خۆشده‌ویست. له‌و ڕوانگه‌وه که ڕێزدار خومه‌ینی، فرووهه‌ری خۆشده‌ویست، داوای کردلێی، بڕۆ بۆ کوردستان. کاتێ ڕاگه‌یه‌ندرا شاندی تایبه‌تیی بۆ کوردستان به‌ڕێده‌کرێ، فرووهه‌ر له‌وباره‌وه دوا و گوتی: "بێ به‌شداریکردنی من، هیچ شاندێک ناتوانێ له‌گه‌ڵ کورده‌کاندا گوتوێژ بکات. ئه‌ز پسپۆڕی کوردستانم!" ئه‌وه بوو ده‌وڵه‌ت و شورای شۆڕش، فرووهه‌ریان ده‌ستنیشانکرد».

**(دیمه‌نی ئێران - نه‌ورۆزی ١٣٨٢- لاپه‌ره ٦٤ و ٦٥).**

فرووهه‌ر له سه‌ردانه‌کانی بۆ کوردستان، ئامانجی دیکه‌شی هه‌بوون و، ده‌یویست شاره‌زایی ته‌واو په‌یدا بکا سه‌باره‌ت به جۆری ئاخاوتن و هه‌ڵوێستی لایه‌نه سیاسییه‌کانی کوردستان به‌رامبه‌ر یه‌کدی و تێگه‌یشتێ له خاڵی لاوازی نێوانیان تا بتوانێ تۆوی ناکۆکی و دووبه‌ره‌کی له‌نێویاندا بچێنێت. به‌تایبه‌تیی هه‌وڵیده‌دا پتر خۆی له حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نێزیک بکاته‌وه.

فرووهه‌ر، وای له حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گه‌یاندبوو، گوایه هه‌موو تێکنۆکرات و کۆنه ئه‌ندامانی "جبهه ملی ایران" (به‌ره‌ی ناسیۆنالیستی ئێران) و سیکۆلاره‌کان که له‌نێو حکومه‌ت و ده‌سه‌لاتدا به‌شداربوون، دۆست و هاوخه‌می گه‌لی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانن و، خوازیاری چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی کوردن به‌ڕێگه‌ی ئاشتی و وتووێژ!

**مامۆستا شێخ عێزه‌دینی حسێنی له‌وباره‌وه ده‌ڵێ:**

«ئێمه چه‌ند مانگێک بوو له‌وێ بووین (له‌سه‌ر سنوور)، دوایه چووینه "شێنێ". جا حیزبی دێمۆکرات ئه‌غله‌ب له‌وێ بوو، (دێمۆکرات)ده‌هات له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه و ئه‌وان، شتێ پێک بێنێ. هه‌موو جارێ ده‌هات به‌ناو لێکۆڵینه‌وه، هه‌موو که‌ره‌تێک ده‌هات قه‌راردادە‌که‌شمان ده‌نووسی و ئیمزا ده‌کرد، به‌ڵام دوایه پاشه‌کشه‌ی لێده‌کرد و بوخۆی ده‌چوو به دزی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ت داده‌نیشت و ده‌ست و پێوه‌ندی له‌ناو ده‌وڵه‌ت زۆر بوو.

هه‌میشه هه‌ده‌فی ئه‌وه بوو که خۆی به ته‌نیا له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ت موزاکره بکا و ئێمه به حیساب نه‌هێنێ و خۆی تاقه حیزبی کوردستان بێ! ڕه‌وشه‌که‌ی ئه‌وه بوو، جا ئه‌من کارم به‌وه نییه چاک بوو؟ خراپ بوو؟ یا ....»

**هه‌روه‌ها هه‌ندازیار هاشم سه‌باغیان وه‌زیری نێوخۆی ئێران له‌و سه‌رده‌مه‌دا ده‌ڵێ:** "له‌هه‌موو لایه‌نێک نێزیکتر به ئێمه، حیزبی دێمۆکرات به سه‌رۆکایه‌تیی قاسملوو بوو. کۆمۆنیسته‌کان "عێزه‌دینی حسێنی" یان به سه‌رۆکی خۆیان ده‌ستنیشان کردبوو، به‌ڵام به‌کاریان دێنا و له به‌رامبه‌ر ئیمام دا قوتیان کردبووه‌وه. شێخ عێزه‌دین به ته‌واوه‌تیی له‌ده‌ستی کۆمه‌ڵه‌دا بوو. ئه‌وه نه‌ک هه‌ر قسه و بۆچوونی ئێمه بێ، به‌ڵکو قسه و بۆچوونی حیزبی دێمۆکراتیش هه‌ر وابوو، به‌ڵام عێزه‌دین حسێنی بۆخۆی ئه‌م بۆچوونه‌ی ئێمه‌ی